# وردە هۆنراوەکانی موکریان

موکریان نستانی

١
**جارێکی دیکە ئەویندار دەبمەوە**

چاوەڕێ نەبووم، نیگایەك
هەست و بیرکردنەوەم، بە جارێك
پڕکاتەوە؛
لە ئازاری ناسك و
تریفەی بەختەوەری.
پێموانەبوو، ماچێك
ڕابردوو، بکاتە خۆڵەمێش و
لە شەرم و نازی
خۆشەویستییەکی نوێ دا
ببێتە شیرنترین، بیرەوەری.
٢
**ڕازی خۆشەویستی**

خۆشەویستی، زەریایەکە
هەر شەپۆلێکی؛
ڕازێك، سەمای تێدا دەکا.
هەموو جارێ
کە بە ناوەخت دەڵێی: خۆشمدەوێی
شتێکی چاوەڕواننەکراو، ڕوودەدا!

٣
**هەستێك**



بە ڕێکەوت
دوا هەناسەی خۆر ئاوابوونێك
هەواڵی تۆم لێ دەپرسێ
ژانێك دەمهەژێنێ
زامێك لە هزرمدا سەمادەکا
ئازارێك لە ڕوحمدا دادەگیرسێ .

٤
**ڕوانین**



لە پشت پەنجەرەکانەوە
ڕوانین، ئازارێکی فڕیوە؛
دواجار،
هەر لە هێلانەی هەناسەیەکی سارددا،
دەنیشێتەوە.
خۆشەویستی، لەباوەشی بێدەنگی دا
نیگایەکی بێ نازە؛
لە دۆزەخی کۆتاییەکی بێ سەرەتادا
دەسووتێ و
ڕازەکانی ژان،
لە ناخی خۆزگەیەکی جوانەمەرگدا،
دەنوسێتەوە.
٥
**سیاسەت و خۆشەویستی**

لەگەڵ سیاسەتمەدارێك،
قاوەیەکم خواردەوە
بەڵێنێکم ون بوو
خەونێکم خۆی کوشت
خۆزگەیەکم لە داخان مرد
هەر ئەو ڕۆژە
بۆ یەکەم جار
درۆم، لەگەڵ خۆشەویستەکەم کرد!
٦
**ئێرە و ئەوێ**

لەوێ
نەمتوانی، باوەڕ بە خۆشەویستی و
ئازادی، بێنم
بە چاوەڕوانی و
نزا و
پاڕانەوە
لێرە
لە دۆزەخی، ئازار و
ئاوارەیی و
تەنیایی و
سەرگەردانیدا
هۆیەك، شك نابەم
بۆ گەڕانەوە!
٧
**نهێنی**

ئەو خەمەی
بەری زەریایەك دەگرێ
فرمێسكێك دەیبا.
ئەو شەڕەی
بە هێز ناکرێ
خۆشەویستی، دەیکا!
٨
**سوتان**

بمسوتێنە!
لە نێو ئەم هەموو
ماچە بێ ڕەنگ و
نیگا ژاکاوانەدا
هەستەکانم، مردوون
خۆشەویستی،
لە سەمای سوتاندا
چ دیمەنێکی پڕ سۆزە؟!
بمسوتێنە
لە سزای ئەو گوناهانەش،
کە نەمکردوون.

